## نویەم: ڕێنماییەکانی خوێندن وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆ پولیتەکنیکیەکانی هەرێم:

یەکێك لە مەبەستەکانی کردنەوەی زانکو پولیتەکنیکیەکان ، رەخساندنی دەرفەتە بو قوتابیان و خوێندکاران بو ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن بو بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالوریوس. دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان دەتوانن داواکری پێشکەش بکەن بو تەواوکردنی بروانامەی بەکالوریوسی تەکنیکی لەو کولێژە تەکنیکیانەدا کە لەگەڵ پسپورییەکەیان بگونجێت. ئەو دەرچووانەی پەیمانگە کە لە کولێژی تەکنیکی وەردەگیرێن لە قوناغی یەکەم دەوام دەکەن .

هەر پسپورییەکی پەیمانگەکان لە کولیژی تەکنیکەکان نەبێت ئەوا هەمان ڕێنمایی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانیان لەسەر جێبەجێدەکرێت.

### ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ پولیتەکنیکەیان:

١. ڕێژەی (٥٠%)ێ پلانی وەرگرتنی بەشە زانستیەکان بو دەرچووانی ئامادەیی دەبێت. ئەم قوتابی و خوێندکارانە لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانەوە لە قوناغی یەکەم وەردەگیرین.
٢. ڕێژەی (٥٠%) پلانی وەرگرتنی بە شە زانستیەکان بو دەرچووانی ئەمساڵ خوێندن و سالانی پێشو دەبێت بەمەرجێك ئەم پلانە دەرچووانی (یەکەم و دووەم وسێ یەم )یش لە خوبگرێت.

### مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو دەرچووانە بە شێوەی خوارەوە دەبێت.

أ. تەنیا ئەو قوتابی / خوێندکارانەی تێکرای نمرەیان لە (٦٥%) زیاترە و تەمەنیان لە (٤٠) ساڵ تێنەپەریوە (بەپێی ساڵنامەی تەقویمی) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بو وەرگرتن لە کولێژی تەکنیکیەکان. (ئەوانەی دەمێنن (بەرێژەیەکی دیاریکراو) بە سیستەمی پارالیل و ئێواران سەرەدەریان لەگەل دەکرێت).

ب. پێشکەش کردن و وەرگرتن بو تەواوکردنی خوێندنی بەکالوریوس راستەوخو پاش دەرچوونی ئەنجامی کوتایی تاقی کردنەوەکان (خولی یەکەم) دەست پێدەکات و لە ڕێگەی بەرێوەبەرایەتی توماری زانکووە ئەنجام دەدرێت. بو ئەم مەبەستە فورمێکی تایبەت لە لایەن هەرسێ زانکو پولیتەکنیکیەکانەوە دابەش دەکرێت.

مەرج نیە هەر قوتابیەك/ خوێندکارێك کە داواکەی پێشکەش کرد وەربگیرێت لەبەرئەوەی وەرگرتن بە پێشبرکی بەپێی پلانی بەشە زانستیەکان دەبێت. بو پرکردنەوەی کورسیەکان بەپێی پلانی وەرگرتن. ڕێزبەندی نمرەی دەرچونی دبلوم دەکرێت بە پێوەر بو دەستنیشانکردنی خوازیارە سەرکەوتووەکان و هیچ پێوەرێکی تر بەکارناهێنرێت.

ج. ئەوانەی وەردەگیرێن(دامەزراو بن یان نە) هەموو ڕێنمایەکانی قوتابیان لەسەر جێ بەجێ دەکرێت واتە( ڕێژەی ئامادەبون) هەروەها ئێمە بەرپرسنین بەرامبەر فەرمانگەکانیان بو دانی مولەت ودەوامکردن.

لە وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاراندا بو تەواوکردنی بەکالوریوس سنوری جوگرافی رەچاو ناکرێت واتە وەرگرتن پابەند نابێت بە شار و پارێزگای تەواوکردنی دبلومەوە **بەلام** ڕێنماییە گشتییەکانی خوێندن سەبارەت بە

بەشی پارێزگا و دەرەوەی پارێزگا رەچاو دەکرێت. پلانی وەرگرتنی بەپێی رێژەی دەرچووانی بەشە زانستیەکانی هەر پەیمانگەیەك دابەش دە کرێت.

٣. ئەو قوتابیانەی/ خوێندکارانەی بە سیستەمی پولێتەکنیك وەردەگیرێن ناتوانن دابەزین و گواستنەوە ئەنجام بدەن.

## میکانیزمی پێشکەشکردن و وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان:

١. پێشکەشکردن راستەوخو لە رێگەی توماری گشتی زانکوکانی پولیتەکنیکیەوە دەبێت.

٢. پروسەی پێشکەش کردن بەو میکانیزم و ماوەیەی کە لەو زانکویانە جێگیر کراوە ئەنجامدەدرێت.

٣. ئەنجامی کوتایی لە وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی رادەگەیەنرێت.

## دەیەم: وەگرتنی دەرچووانی یەکەمەکانی کولێژ و پەیمانگە تەکنیکیەکان لە زانکوکاندا (بەمەرجێك دەرچووی خولی یەکەم بن ).

أ. دەرچووی یەکەم لە کومەڵەی پزیشکی پەیمانگە تەکنیکیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی پزیشکی وەردەگیرێت.

ب. دەرچووی یەکەم لە بەشەکانی ددان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی پزیشکی ددان وەردەگیرێت.

ت. دەرچووی یەکەم لە بەشی دەرمانسازی پەیمانگە تەکنیکیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی دەرمانسازی وەردەگیرێت.

ث. دەرچووی یەکەم لە قۆناخی یەکەمی بەشی شیکاری نەخوشیەکان لە کولیژی تەکنیکی تەندروستی لە سەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی پزیشکی وەردەگیرێت.

ج. دەرچووی یەکەم لە بەشی تەکنەلوژیای نەوت(کاربێکردن وکونترول) لەسەر ئاستی پارێزگا ل کولیژی ئەندازیاری/بەشی نەوت وەردەگیرن.

ح. دەرچووی یەکەم لە بەشی رووپێوی لە سەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی ئەندازیاری / بەشی رووپێووی وەردەگیرێ.

خ. دەرچووی یەکەم لە بەشی میکانیك لە سەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی ئەندازیاری / بەشی میکانیك وەردەگیرێ.

د. ئەوقوتابی / خوێندکارانەی خالەکانی (أ.ب.ت.ث.ج.ح.خ) دەیانگرێتەوە دەبێت تێکرایی نمرەکانیان لە (٨٠%) کەمتر نەبێت.

ذ. دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە هەر بەشێکی لە پەیمانگە تەکنیکیەکان لە کولێژی هاوپسپوری (جگە لە کومەڵەی پزیشکی ) لە زانکوکاندا وەردەگیرێن. بە مەرجێك تێکرایی نمرەیکانیان لە (٧٥%) کەمتر نەبێـ بەپێی خشتەی ژمارە (٢).

ر. دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەمی بەشی پەرستاری لە پەیمانگە تەکنیکیەکان لە کولێژی پەرستاری لە زانکوکاندا وەردەگیرێن. بە مەرجێك تێکرای نمرەکانیان لە (٨٠%) کەمتر نەبێت.

**ز.** دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەمی بەشی پەرستاری لە پەیمانگە تەکنیکیەکان لە کولێژە تەکنیکیەکان وەردەگیرێن ئەگەر پسپوریەکەیان هەبێت لە هەر کولێژیکی تەکنیکی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم. بەپێی خشتەی ژمارە (٣). بەلام ئەگەر بسپورییەکانیان نەبوو ئەوا لە کولێژی هاوتا بە بسپوریەکان لە زانکوکاندا وەردەگیرێن. بە مەرجێك دەر چووی خولی یەکەم بن و تێکرای نمرەکانیان لە (٧٥%) کەمتر نەبێت بە پێی خشتەی ژمارە (٢).

## خشتەی (٢)

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان لە زانکوکانی هەرێم (جگە لە زانکو پولیتەکنیکیەکان)

| ژ | بەشی تەکنیکی لە پەیمانگە | کولێژ(سکول)ی هاوتا لە زانکو | بەشی هاوتا لە کولێژ(سکول)ەکانی زانکو |
|---|---|---|---|
| ١. | ددانسازی | زانست | بایولوجی |
| ٢. | دەرمانسازی | زانست | کیمیا |
| ٣. | سرکردن | زانست | کیمیا |
| ٤. | تیشك | زانست | فیزیا |
| ٥. | چارەسەری سروشتی | زانست | فیزیا |
| 6. | پشکنینی چاو | زانست | فیزیا |
| 7. | ئامێرە تاقیگە پزیشکیەکان | زانست | فیزیا |
| 8. | تەکنەلوجیای نەوت (کارپێکردن وکونترول) | زانست | جیولوجی |
| 9. | کارەبا | ئەندازیاری | کارەبا |
| 10. | کارگێری یاسا | یاسا و رامیاری | یاسا |
| ١١. | کارگێری سیاسی | یاسا | زانستە رامیارییەکان |
| 12. | ئامار وزانیاری ، ئامار | کارگێری و ئابووری | ئامار |
| 13. | کتێبخانە، گشتگیری جوری،کارگێری نەخوشخانە | کارگێری و ئابووری | کارگێری |
| 14. | گەشت و گوزار، ڕێبەری گەشتیاری ،کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری | کارگێری و ئابووری | گەشتیاری |
| 15. | کارگێری بانکی | کارگێری و ئابووری | زانستی دارایی وبانك |
| 16. | سامانی ئاژەل | کشتوکال | سامانی ئاژەل |
| 17. | ڕەزگەری | کشتوکال | ڕەزگەری،باخداری،بیستانکاری |
| 18. | ڕێنمایی کشتوکالی | کشتوکال | ڕێنمایی کشتوکالی |
| 19. | دروستی ئاژەلی (شەقلاوە) + کەلار | پزیشکی ڤیتێرنەری | ڤیتێرنەری |
| 20. | میکانیک | ئەندازیاری | میکانیک |

# خشتەی (٣)

| بەشی زانستی لە پەیمانگە | کولێژی تەکنیکی | بەشی زانستی لە کولێژی تەکنیکی |
|---|---|---|
| ژمێریاری + کارگێری بانك | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهوك | - تەکنیکی ژمێریاری و دارایی |
| راگەیاندن+ روژنامەڤانی+ روژنامەڤانی ئەلیکترونی | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهوك | - تەکنیکی میدیا<br>- روژنامەڤانی ئەلیکترونی |
| تەکنیکی بازارگەری +سەرچاوە مروییەکان کارگێری کوگا +کارگێری بازارگەی کارگێری کار+کارگێری کەرەستە+ کارگێری نووسینگە + گشتگیری جوری | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی | - تەکنیکی کارگێری |
| داتابەیس | تەکنیکی ئینفورماتیکی سلێمانی | - تەکنولوجیای داتابەیس |
| نیتوورك(NetWork) | تەکنیکی ئینفورماتیکی سلێمانی | - بەرێوەبردنی تور |
| تەکولوجیای زانیاری<br>سیستەمی زانیاریە کارگێرییەکان<br>سیستەمی کومپیوتەر<br>پاراستنی زانیاری | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئینفورماتیکی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهوك<br>تەکنیکی ئاکرێ | - تەکنولوجیای زانیاری |
| میکانیك +سارکردن و هەواسازی | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهوك | - میکانیك و ووزە،بەرهەم هێنان و کانزاکان، ووزە |
| بیناکاری + بیناسازی + رووپێووی + رێگا وبان + دروست کردنی رێگا | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهوك | - ئەندازیاری شارستانی/هەولیر<br>- تەکنیکی ئەندازیاری رێگاوبان / هەولیر<br>- ریگا وبان/ دهوك |
| وێنەی ئەندازیاری +رووپێووی | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | - پلانسازی شار/ سلیمانی |
| گەیاندن + کارەبا + ئەلیکترون | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | - گەیاندن |
| پەلی دەستکرد + تەندورستی کومەل+پەرستاری +نەخوشەڤانی+ئافرەتان ولەدایکبوون +ژنان ومنال بوون +چارەسەری سروشتی +پاراستنێ تەندورستی+ ددان | تەکنیکی تەندورستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندورستی سلێمانی<br>تەکنیکی تەندورستی شێخان | - چارەسەری سروشتی<br>- تەندورستی و کومەل |
| شیکاری نەخوشیەکان + دەرمانسازی | تەکنیکی تەندورستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندورستی سلێمانی<br>تەکنیکی تەندورستی شێخان | - شیکاری نەخوشیەکان |
| شیکاری کیمیایی + نەوت | تەکنیکی ئەندازیاری دهوك | - پتروکیمیاویات |
| پاراستنی رووەك +رێنمایی کشتوکالی +کشتوکال داپوشراو+رووەکە جوانەکان +رەزگەری | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکان /هەڵەبجە<br>تەکنیکی ئاکرێ | - بەرووبوومی رووەکی<br>- رەزگەری |
| بەرووبومی پیشەسازی | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکان / هەڵەبجە | - پیشەسازی خوراك |
| دروستی ئاژەل + سامانی ئاژەل | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکان / هەڵەبجە | - سامانی ئاژەل |

**میکانیزمی پێشکەشکردن و وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان:**

١. پێشکەشکردن راستەوخو لە رێگەی توماری گشتی زانکووە دەبێت بەشێوەی پولیتەکنیك دەبێت.

٢. کاتی پێشکەش کردن (٢٠١٦/٨/١ ) تا (٢٠١٦/٨/٢٠) دەبێت.

٣. راگەیاندنی ناوەکان بە شێوەی بەرایی لە ٢٠١٦/٩/١ دەبێت.

٤. ماوەی یەك هەفتە تەرخان دەکرێت بو گازاندە پێشکەش کردن واتە ٢٠١٦/٩/٨.

٥. لە ٢٠١٦/٩/١٥ ئەنجامی وەرگرتنەکە بو وەزارەت بەرزدەکرێتەوە.

٦. ٢٠١٦/٩/٢٥ ئەنجامی کوتایی لە وەزارەتی خوێندنی بالأ وتوێژینەوەی زانستی رادەگەیەنرێت.